# ڕۆڵی زمانی ڕاگەیاندن لە بنیاتنانی پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگە فەیراناویەکاندا

## کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان بە نموونە

**نەزاکەت حسێن حەمەسەعید**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: nazakat.hamasaeed@univsul.edu.iq

**پوختە:**

زمان لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا ئامرازێکی کاریگەری دروستکردنی پێکەوە ژیان و بەرقەراربونی ئاشتی و ئاسایشی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەمە لەکاتێکدا دەبێت کە زمان لەدەستورو یاسای وڵاتدا بەهەند وەرگیرابێت و ڕێکاری بەکارهێنانی وەک بنەمایەکی پێکەوە ژیان بۆ دیاری کرابێت. لەهەمان کاتیشدا سیستمی پەروەردەو میدیاش خرابێتە خزمەتی دروستکردنی زمانێکی گونجاو بۆ پێکەوەژیان. پێچەوانەکەشی ڕاستە کە زمان وەک ناسنامە، وەک زمانی گفتوگۆ، وەک وشەو دەستەواژەی بەکارهێنان و وەک لێک تێنەگەشتنی نێوان تاکەکان و گۆمەڵگاکان بوەتە سەرچاوەی پشێوی و ململانێ و دروستکردنی قەیران و تێکدانی ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەو وڵات و کۆمەڵگایانەی کەبەفۆناغی گواستنەوەدا تێ دەپەڕن و فرەنەتەو و فرەزمان و فرە ئاین و فرە ڕەچەڵەکن، وەپاشخانێکی مێژوییان هەیە لەجەنگ و ململانێدا. هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی تازە گەشەکردو فرەیی لەپێکهاتەی دانیشتوانەکەی وە بونی پێشینەی مێژویەکی جەنگ و ململانێی بەردەوامی ناوخۆیی سیاسی پارتەکان و سیستمی میدیای حزبی لەوڵاتدا کە بونەتە بەشێک لەململانێکە وای کردوە کەزمانی میدیاکان هۆکارێکی سەرەکی دورخستنەوەی لایەنەکان لەیەکترو قوڵکردنەوەی ململانێکان بن. بۆیە ئەم توێژینەوە لەگرنگی و ڕۆڵی زمانی میدیا دەکۆڵێتەوە لەوئەرکەی کە دروستکردنی پێکەوە ژیانە.وەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستانی وەک مشتەی توێژینەوەکەی وەرگرتوە بەبەکارهێنانی میتۆدی وەسفی ڕۆپێوی.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆڵ، زمان، پێکەوەژیان ،قەیران.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## بەشی یەکەم :میتۆدنامە

**کێشەی توێژینەوەکە**:کێشەی ئەم توێژینەوە بریتیە لەوەی بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە تاچەندە زمانی میدیا گرنگە بۆ دروست کردنی ئاشتی و پێکەوەژیان و چەندیشە هۆکارە بۆ دروست کردنی ململانێ و زیادکردنی ، ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستان تا چەند سیاسەتیکی زمانی هەیە بۆ چارەسەری ململانێ و دروست کردنی ئاشتی و پێکەوەژیان.

**میتۆدی توێژینەوەکە** : میتۆدی ئەم توێژینەوە وەسفی ڕوپێویە

**ئامرازی توێژینەوەکە** : فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان کە بەسەر هەموو بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دابەش کراوە بە میدیای بینراو بیسترا و نوسراو و ئەلەکترۆنی تەنها ٢٣ فۆڕم گەراوەتەوە کە نوێنەری هەموو جۆرەکانی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی تێدابوو.

**کۆمەڵگای توێژینەوەکە** :دەزگا ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان

**مشتەی توێژینەوەکە** :بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن (ڕادیۆ،تەلەفزیۆن،رۆژنامە، ماڵپەر و پەیجی ئەلەکترۆنی)

### گرنگی توێژینەوەکە:

١-گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە ڕاستەوخۆ لە زاری بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لەگرفتەکانی ڕاگەیاندن و زمانی ڕاگەیاندن دەکۆڵێتەوە.

٢-دەبێتە بنەمایەک بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بیرکردنەوە لە دانانی سیاسەت وستراتیژێک بۆ زمانی ڕاگەیاندن.

٣-گرنگە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە زمانی دەزگاکەیان چەندە مەترسیە بۆ کۆمەڵگەو کاری پیشەیی خۆیان گەر سیاسەتیکی زمانی نەتەوەیی نیشتمانیان نەبێت.

.

### پرسیارەکانی توێژینەوەکە

١-ئایا زمانی ڕاگەیاندن توانای هەیە ململانێ و قەیران کەم بکاتەوە؟

٢-ئایا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستان سیاسەتێکیان هەیە بۆ بوونی زمانێک کە ململانێ و قەیران کەم بکاتەوەو ئاشتی وپێکەوە ژیان دروست بکات؟



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## ئامانجی توێژینەوەکە

١-دەیەوێت دەریخات تاچەندە زمانی ڕاگەیاندن هۆکارە بۆ دروست کردنی ئاشتی و پێکەوەژیان وکەم کردنەوەی ململانێ.

٢-دەرخستنی گرفتەکانی راگەیاندنی کوردی لەبوونی سیاسەتیکی زمانی کە خزمەتی ئاسایسی نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بکات.

٣-زانینی بوونی سیاسەتی زمانی ڕاگەیاندنی کوردی بۆ دروست کردنی ئاشتی وپێکەوەژیان و کەم کردنەوەی ململانێ

## توێژینەوەکانی پێشوو

١- Timothy لەساڵی ٢٠١٦ توێژینەوەیەکی کردوە لەسەر '
Language and communication conflict in Nigeria: Communicative language pedagogy Implications for 'باسی جیاوازی باکگراوندی دانیشتوانی نایجیریا دەکات، چۆن ڕەنگدانەوەی هەبوە لەسەر کۆمینیکەیشن و زمانی گفتگۆیان و دەڵێت گرژی و ململانێ بەهۆی کۆمینیکەیشنەوە لە نایجیریا شتیکی چاوەڕوانکراوەو بەڵگەنەویستە بەهۆی ئەو جیاوازیە لە فرە زمانی" وە باسی ئەوەدەکات کە چۆن لە ڕێگەی پەروەردەو قوتابخانەوە هەوڵی ئەوە دراوە نزیکی و لێک تیگەیشتن دروست بکرێت. دەگات بەو دەرەنجامەی کە هۆکاری دەرباز نەبوون لە قەیرانی زمان و کۆمینیکەشن خەڵکی نایجیرا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوزی باکگراوندو ئاستی خوێندەواری و توانای گفتگۆ."

١- لەساڵی Democratic Progress Institute٢٠١٤
توێژینەوەیەکی کرد لەسەر 'The Role of Language, Identity

and the Media in Conflict Resolution

لە سەر زمان و ناسنامەو ڕاگەیاندن و چارەسەری قەیران کۆڵیەوە دەگات بەو دەرەنجامەی کە زمان و ناسنامە ڕەگ و هۆکاری زۆربەی قەیرانەکانی جیهانن و بونەتە هۆکارێکی گڵۆباڵی قەیرانەکان ،لەهەمان کاتیشدا ئامرازێکی بەهێزی بونیات نانی ئاشتی و پێکەوە ژیانن لە جیهاندا .

٣-Riaz, S لە ساڵی ٢٠١٧ تێژینەوەیەکی کردوە تایبەت بە ROLE OF MEDIA IN PROMOTING PEACE AND HARMONY

باسی ئەوە دەکات کە پاکستان ڕووبەڕووی چەندین گرفتی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابوری بوەتەوە و دابەش بوە بۆ گروپ و حیزب وململانێی ڕەگەزی ، ساڵانێکی زۆر ململانێی ئەوەی هەبوە کامە زمان ببێتە زمانی فەرمی وڵات



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

،دەگات بەو دەرەنجامەی کە میدیا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە دروست کردنی ئاشتی و پێکەوەژیان بە ئامادەکردنی بابەت و هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی بە زانیاری هەمەچەشن و هەمە ڕەهەند وەرگرتنی بەلآنس و خوێندەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی و وەدەڵێت میدیا تفاقی تەواوی دروست کردنی ئاشتی و پێکەوە ژیانی هەیە ئەگەر بیەوێت.

## بەشی دووەم :بەشی تیۆری

### ١-٢: زمان چیەو ئەرکەکانی چین؟

.Siddiq, M دەڵێت" زمان تەنها ناوەندێکی سادەی گەیاندنی کۆمینیکەیشن نیە بەڵکو هەڵگری مانا و کلتورو بەهایە لە نێوان نەوەکاندا " (٢٠١٦،ل.٣)، ئەم ڕۆڵەش نەک تەنها لەسەر ئاستی کەسی و ناوخۆی بەڵکو لەسەر ئاستی دەرەکی ونێودەوڵەتیش"زمان گرنگە بۆ ڕەخساندنی بوار بۆ گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان لەسەر ئاستی جیهانی" (ACHIENG, ل.٢٠١٤).

وە هەمان سەرچاوە دەڵێت، "پسپۆڕان و شارەزایان و توێژەران فشار دەکەن لەسەر بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێک بۆ ئاسایشی نیشتمانی"Adejimola دەڵێت"پسپۆڕان و شارەزایان زمان وەک کلیلێک دادەنێن بۆ کردنەوەی دڵی مرۆڤەکان"(٢٠٠٩،ل.٢) Crystalدەڵێت"زمان شتێکە کە زیاترە لەوەی کە مرۆڤەکان دەرکی پێ دەکەن لەتواناو دەسەلآتەکانی." (١٩٨٧،ل.٢٠).

لەبەرئەوەی زمان پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە لە گەڵ بیرکردنەوەی مرۆڤەکان ،هەروەک Spaire باسی بەهێزی پەیوەندی نێوان زمان و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دەکات و دەڵێت"هەرچی زانستەکانی زمانەوانی هەیە باسی لینکی بەهێزی پەیوەندی زمان دەکەن لەگەڵ بیرکردنەوە تا ئەو ئاستەی دەڵێت زمان سەیارەی بارهەڵگری بیری مرۆڤەکانە."(١٩٦٣،ل. ١٠٢).

هەمان سەرچاوە دەڵێت "لەڕێگەی زمانەوە ئێمە دەتوانین دڵی مرۆڤەکان ببینین ،هەربۆیە زمان یارمەتی مرۆڤ دەدات کە بەهۆیەوە،گوزارشت لە بۆچونەکانی، هەستەکانی، سۆزەکانی، بیرکردنەوەکانی حوکم دانەکانی لەبارەی مرۆڤەکانەوە، بۆچونەکانی لەسەر شوێنەکان، شتەکان دەرخات ."(١٩٦٣،ل. ١٠٤).

.Adejimola دەڵێت"ئەوە ڕاستیە کە زمان ئامرازی گفتوگۆیە بەبێ زمان ناتوانین هەستەکانمان، گوزارشتەکانمان، بیرکردنەوەکانمان، سۆزمان، ڕقمان ....هتد دەربڕین، بەلآم دەبێت ئەوەش بزانین کە زمان تەنها ئەوەش نیە مانایەک بێت بۆ کۆمینیکەیشن و گفتوگۆ بەڵکو لە ٢ چاویلکەوە سەیری زمان دەکات کە بریتین لە هەردوو وەزیفەی 'کۆمینیکەیشنی کاریگەرو کلتور واتە'کلتوری دەربڕین و کلتوری ئەزمون'(٢٠٠٩.ل.٣٤).

Shannon C و Weaver W دەڵێن "زمان بەکاردێت بۆ کۆمینیکەیشنی کۆمەلآیەتی و سۆزدەربرین و هەست گوزارشت لێکردن،وەک ڕێکخەرێکی باشە بۆ دەرخستنی مەبەستەکانمان ، وەک ئامرازێکی کارکردن، بۆ پاراستنی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

تۆمارکراوەکان وگواستنەوەی زانیاریەکان و فەرمان دەرکردنەکان واتە وەک ئەرشیفێک،بۆ کاریگەری کردن و وە هەروەها بۆ توانای دەربڕین و گوزارشت لە خۆکردن، وە پێک هێنانی وێناکردنی بیروبۆچونەکانمان." (١٩٧٧،ل.٧٤).

لەلایەکی ترەوە ، Shipley دەڵێت"زمان بۆ گواستنەوەی ئاماژەو وشەو دەربڕینەکانە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بۆ کاریگەری دروست کردن وەڵام دانەوەو پەرچەکردار لە میانەی ئەو وشانەی دەیبیستێت یان ئەو وشەو سومبولانەی دەیخوێنێتەوە." (١٩٧٠،ل.١٧). وە دەڵیت "کاری سەرەکی و ئەرکی سەرەکی زمان کۆمەڵایەتیە، دروست کردنی پردی پەیوەندی و پرکردنەوەی بۆشایی و نزیک کردنەوەی کەس و لایەنەکانە لەیەک ،کەواتە جۆر و ئاستی پەیوەندی کەسەکان بەیەکەوە ئاست و جۆری ئەو زمانە دیاری دەکات کە بەکاری دێنن لەگفتوگۆی نیوانیان." (١٩٧٠،ل.١٧).

## 2-2: زمان وکاریگەریی لەسەر دروست کردنی ئاشتی و پیکەوەژیان

Moulton زمان پێناسە دەکات وەک'سەیارەیەکی بارهەڵگری پر لە وشەو دەستەواژە،وە دەڵێت تەنها مرۆڤە لە نێوان بونەوەرەکانی تردا پەیام و وشەکان دەردەبڕێت بە دیاری نەکراوی ،کەواتە زمان مرۆڤ بوونی مرۆڤەکانیش ئەناسینێت، ئەمە مانای وایە کە زمان جۆری جیاوازە ،چونکە مرۆڤەکان جیاوازن."(١٩٧٤،ل.١٢).Moulton وابەستەی زمان دەکات بە تایبەمەتەندی کەسەکان و دەڵێت"زمان جیاکەرەوەی ڕەفتار و تایبەتمەندی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی کەسەکانە کە لە منداڵیەوە فێری دەبن."( ٢٠٠٤،ل.٣٣) وە هەمان سەر چاوە دەڵێت" ئاشتی وململانێ کە لە دڵی مرۆڤەکاندا هەیە بایۆلۆجی،کەواتە لە ماوەی گفتگۆو گوزارشتی مرۆڤەکان دەتوانین بۆمان دەرکەوێت کە دڵی ئەو کەسە چی تێدایە ،واتە دەربرینەکانی دەبنە بەڵگە بۆ دەرخستنی هەستی ئاشتی خوازی یان ململانێ. ."(١٩٧٤،ل.٣٣) وە دەڵێت 'گرنگ نیە چەند تەمەنیش بڕوات درۆ بکات ڕۆژێک دەبێت دەرکەوێت ،بە ڕەفتاری یان بە دەربڕینە زارەکی و نازارەکیەکانی "."(١٩٧٤،ل.٣٤).

قەیران وەک Adejimola دەڵێت" قەیران ڕوودەدات لەهەموو کۆمەڵگەکان،کە زۆر جار بناغە دەگرێت لەسەر زمان ،ڕەگەزو ،کلتور ،چینایەتی،کە بریتیە لەوەی کە دوو لایەن هاریکاری یەکترناکەن و ناتوانن پێکەوە هەڵکەن کە هاریکاری نەرێنی دەگرێتەوە لە نێوان دوو لایەندا تاکو توندوتیژی فیزیکی کە ڕەنگە بەهۆی هەڵەتێگەیشتنیکەوە ڕوووبدات تا ئەوەی پلان بۆ داڕێژراو ئامانج بێت" (٢٠٠٩،ل.٥٩).

هەر لەبارەی کاریگەری زمانەوە دەڵێت"زمان ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە چارەسەری قەیران .چونکە زۆرینەی زانیاری دەگوێزرێتەوە لەکاتی قەیران لە ڕێگەی زمان و کۆمینیکەیشنی زارەکیەوەیە" (٢٠٠٩،ل.٥٩).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## ٢-٣ :ستراتیژی زمان بۆ چارەسەری ناکۆکیەکان

Adejimola دەڵێت"هیچ ستراتیژێک نیە لە جیهاندا بۆ زمان بۆ چارەسەری ناکۆکیەکان و بەهێزکردنی توانا مەعریفیەکان بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی ناکۆکی و قەیران، دروست کردنی لێبوردەیی، شەفایەت، کەم کردنەوە ی ململانێکان،لەکاتێکدا توێژەران بە بەڵگە ئەمەیان سەلماندوە کە زمان ڕۆڵی کاریگەری هەیە." (٢٠٠٩.ل.٧) هەروەک دەڵێت زانیاری و زمان دوو رۆڵی کاریگەر و زیندون لە بەرێوەبردنی ململانێ." (٢٠٠٩.ل.٧) ،وزیاتر باسی دەکات و دەڵێت "هەرچەندە هەندێک جار لەکاتی گفتوگۆ کردندا زمان بەکاردێت بۆ لێک نزیک کردنەوە ،وەک پردێکی پەیوەندی دادوەری کردن." (٢٠٠٩.ل.٧).

Moulton "زمان گوێزەرەوەی بیرۆکەو ئایدیایە، ئایدیاش دەتوانرێت بەکاربێت بۆ لێک نزیک بونەوەو تیگەیشتن لە کێشەکان "(١٩٧٤،ل.٣٤).

Siddiq, M دەڵێت" ٤٠٠٠ "بیت" لە داتاو زانیاری لەیەک چرکە وەردەگیرێت لەلایەن مێشکی مرۆڤەوة بە ئاگایی ،٤ ملیۆن "بیتەکان"ی تر بێ ئاگایی دەچنە مێشکی ئیمە بەلأم هەردو بە ئاگایی و بی ئاگایی کاریگەریان هەیە لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری زمانەوانی ،" (٢٠١٦،ل.١١ ).

زۆربەی ئەو نەتەوانەی یاخوود وڵاتانەی بە قۆناغی گواستەوەدا ڕۆشتون یاخوود ململانی و کێشەی فرە رەچەڵەکی ونەتەویەی زمانیان هەبوە نەیانتوانیوە زاڵ ببن بەسەر ململانێدا تاکو سیاسەتێکی گونجاو سەرکەوتیان بۆ زمانی میدیاین نەگرتوەتە بەر، نموونە گالیسیا ٣٠ساڵ زمان کێشە بوە بۆی کە چۆن خەڵکە ئیسپانی و گالیسیەکە گفتوگۆ بکەن پێکەوە وهەڵکەن بەردەوام بوو تاکو سیاسەتێکی زمانی سەرکەوتویان هەڵبژارد ئەو کاتە ئاشتی بەرقەرار بووو لە کۆمەڵگەدا.

## ٢-٤: زمانی ڕاگەیاندن و ڕۆڵی لەدروست کردنی ئاشتی و پێکەوەژیان

Shannon and Weaver دەڵێت" تواناى میدیاو ئامرازەکانی کۆمینیکەیشن تەنها لە نوسین و دەنگ و بابەتە میدیایەکان نیە بەڵکو لە گۆرانی و میوزیک وشانۆ ئەو بەرهەمانەی نمایشی هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکەن دەتوانرێت ڕۆڵی هەبێت لە دروست کردنی ئاشتی و پێکەوە ژیان". (١٩٩٧،ل.٦٧).

Siddiq,M دەڵێت"زمان توانای هەیە سنور دروست کات لە نێوان مرۆڤەکان،فیزیکی و جیۆگرافی نموونەی ئەوەی پاکستان وهندستان دێنێتەوە . ( ٢٠١٦ل.٦).

Pagel, M. ئەڵێت"من باسی زمانی مرۆڤەکان دەکەم چونکە بەهۆی زمانەوە بیرکردنەوەکانت گوزارشت لێدەکەیت و دەینێریت ڕاستەوخۆ بۆ مێشکی یەکێکی تر ".(٢٠١١،ل.٢٨).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

Siddiq,M,"لەهەموو پرۆسەیەکی بنیات نانی ئاشتی و گواستنەوەی ململانێی زمان ڕۆڵی گەورەی هەیە ،لە گۆڕینی ململانێ وە لە شیکردنەوەی ململانێ ،لە بریندارییەوە بۆ چاک بونەوەی برینەکان لە ئەرکی وەک نێوەنگیریەک تاکو توانای سازاندن.لە ڕۆڵی لە دروست کردن دابڕان تاکو دروست کردنی پێکەوە ژیان ، لە نامۆبونەوە بەرەو ئالودەبون لە ناڕازیبونەوە بەرەو واژۆکردن،لە ڕەتکردنەوەو بەرەو وەرگرتن ،لە داروخاندنەوە بەرەو هاندان ،لە جەنگەوە بەرەو ئاشتی،لە ئاشتی بنیاتنانەوە بەرەو ئاشتی بە کلتورکردن،لە هەموو ئەو پرسانەدا زمان دەتوانێت پردی پەیوەندی بێت."( ٢٠١٦،ل.،١)،وە دەڵێت ،ئەوەی لە پشت هەموو ئەو ململانێ و توندتیژیانەوەیە کە چوار دەیەیە لە ئەفغانستان بەردەوامە ،هۆکاری سەرەکی زمانی میدیاو کۆمینیکەیشنە".

.Elworthyلەبارەی توندوتیژیەوە دەڵێت"توندوتیژی کاریگەری دەکاتە سەر مرۆڤ و توانای پێدانی زمانی بۆ دەربڕینی وشەی ناخۆش" (٢٠١٢،ل.٥٤). هەروەکو بە پێچەوانەشەوە دەڵێت'وشە ناخۆشەکان و توندەکان هۆکاری توندوتیژی جەستەیەکانە." (٢٠١٢،ل.٥٤).

Faircloughدەڵێت"زمان بەشێکە لەناسنامە لەسەر ئاستی کەسی، کۆمەڵگەیی ،نێودەوڵەتەی،لەلایەکەوە دەتوانێت کەسەکان نزیک بکاتەوە لەیەک، دووریشیان بخاتەوە ،دەتوانێت ببێتە دیوار لە نێوانیان، دەشتوانێت هەمووان لەیەک شوێندا کۆکاتەوە بیان کات بە جیهانێک،نموونە ئەو شۆڕشە درێژخایەنە دێنیتەوە دوای دابەش بوونی پاکستان و دواتر دروست بوونی بەنگلادیش، دواتر داوای ناساندنی زمانی بانگلادیشی وەک زمانی دوەمی فەرمی وڵات، کە لە ١٩٤٨ تا ١٩٧١ کە سەربەخۆیان وەرگرت لە ژێر ناوی زمان ١٩٧١، هەروەک چۆن سەربەخۆیان وەرگرت لە ژێر ناوی ئاین لەساڵی ١٩٧٤ ،بەڵام دوای شەڕو کوشتارو دروست بوونی دیوار لە نێوان خەڵکەکە بۆماوەی ٨ ساڵ.( ٢٠٠١ ).Fairclough ئەوە شی سەلماند کاتێک زمان دەبێتە ناسنامەی نەتەوەیەک دەتوانێت یەکیان خات دەشتوانێت دابەشیان کات.فیزیکی و جیۆگرافی. .(٢٠٠١ ).

John Paul Lederach ململانێ سروشتیکی ژیانە بەڵام چارەسەری ململانێ هونەرە،ئەو هونەرەش پێویستی بە زمان و گتفوگۆی باش هەیە،ئەگەر کۆمینیکەیشن و زمانی باش بە کارهات،پێداویستیەکانی وەرگر یەکی گرت لەگەڵ ئایدیا پێشنیارکراوەکان ئەوە ، ئەو ململانێ کەم دەبێت وە دەچێت بۆ لێک نزیک بونەوە گونجاندن،ئەگەر باش نەبوو ئەوا دەچێت بەرەو توندتیژی." (٢٠٠٣،ل.٤٥).

دەڵێت"زۆربەی ئەزمونەکان لە کەمکردنەوەی توندوتیژی بریتیە لە میکانیزمی گونجاو بۆ کەم کردنەوەی توندوتیژی کەئەویش لە توانای کۆمیونیکەیشنی باشە سەرچاوە دەگرێت کە ئایدیاکان بگۆرێت و خاڵی هاوبەش بدۆزێتەوە بۆ کێشەکەنا لەوێشەوە بڕوات بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو،" (٢٠٠٣،ل.٤٥).

Liddicoat دەڵێت "بۆ ئەوەی ڕێگری لە ململانێ و گرژی بکەین پێویستە پلانمان بۆ زمانی ڕاگەیاندن هەبێت و بەڵام بەداخەوە مەسەلەی ئاسایشی نیشتمانی بوونی نیە لە زۆربەی پلانی ڕاگەیاندنی وڵاتەکاند." (٢٠١٥،ل.٢).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

وەدەڵێت"ئەرکی گرنگی زمان لەکاتی ململانێدا دووشتە ، ڕێگری کردن لە ڕوودانی ململانێکە وەلەکاتی بوونی ململانێش بەڕێوەبردنی ململانێکەیە بەو ئاراستەی کە پارێزگاری لە ئاسایشی نیشتمانی بکات وە گرنگترین ئامرازێک کە پارێزگاری لە ئاسایشی نیشتمانی بکات بریتیە لەوەی کە زانیاریەکان کە مەترسین بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی بەنهێنی بمێنیتەوە و بەردەست نەبێت بۆ دوژمن. " یەکێکێتر لە تواناکانی زمان بۆ پێکەوەژیان بریتیە لە تێکەڵکردنی تاک بە کۆمەڵگەو کردنی بە ئەندامی ئەو کۆمەڵگەیە ،چونکە زمان ناسنامەیە ".(٢٠١٥،ل.٢).

Siddiq,M دەڵێت بارودۆخی کۆمەڵایەتی شتێک نیە پەیوەندی هەبێت بە زمانەوە بەڵام ڕاستەوخۆ کاری گەری دەکاتە سەر زمان ،لە سەر شێوازی گوتارەکە ،کۆمینیکەیشنی نێوان تاکەکان ،دروست کردنی پردی پەیوەندی وبارودۆخی کۆمەڵایەتی تاکیش، کاتێک بارودۆخی سیاسی یان ئابوری گۆڕا کاریگەریش دەکاتە سەر بەڵانسی زمان." (٢٠١٦،ل.١٨).

وە دەڵێت "بارودۆخی کۆمەڵایەتی تەنها کاریگەری ناکاتە سەر گۆڕین بەڵانسی زمان لە نێوان دوو گروپدا بەڵکو کاریگەری دەکاتە سەر بەڵانسی گفتوگۆی نێوان تاکەکانیش،تەنانەت گفتوگۆی ڕۆژانەی تاکەکانیش"(٢٠١٦،ل.١٨).

Hussain,N دەڵێت'لەگەڵ ئەوەی ڕاگەیاندن دەسەڵاتی بەهێز بوە لە مێژووی کۆمەڵگاکان و سەرچاوەی زانیاری و مەعریفەی تاکەکان بوە،لە کۆمەڵگەی مۆدێرن توانایەکی بناغەیشی هەیە لە ژیانی سیاسیدا، و بەتایبەتی لە وکاتەوە وەک ئامرازێک بۆ پروپاگەندەو جەنگەکان بەکارهات ،ئیتر ڕاگەیاندن بوە هۆکاری دروست کردنی ڕا، بۆچوون ،هەروەها دروست کردنی پاڵەوان، شەرەنگێز و دوڕندەو دوژمن."( ٢٠٠٨،ل.٢).

Hussain,N ئاماژەوە بەوە دەکات کە ئەمرۆ بەکارهێنانی ڕۆژنامەنوس و ڕاگەیاندن لە جەنگدا بۆ پێدانی ئاستێکی جیهانیەو بۆ پیشاندانی جەنگەکەیە بە جیهان بەو شێوەی دەسەڵاتەکانی دەیانەوێت هەروەکو نموونەی جەنگی کەنداو دێنێتەوە کە چۆن رۆژنامەنوس و ڕاگەیاندن تەوزیف کران بۆ پیشاندانی جیهان و ڕەهەندەکان و وێنەکانی جەنگەکە. (٢٠٠٨).

Puddephatt, A دەربارەی ڕۆڵی میدیا دەڵێت" ڕاگەیاندن ڕۆڵی کاریگەری هەیە بەهەردوو ئاراستەکە لە جەنگ و ململانێ و گرژیەکاندا، ئیتر بە بوونی بە بەشێک لە ململانێکەو بە ئاراستەی لایەنی ململانیکان بردنی یان بە سەربەخۆیی و وەستان و هەوڵی هێورکردنەوەو چارەسەر"(٢٠٠٦،ل.١٢)

هەمان ڕاپۆرت باسی کۆنفرانسێکی ئەم ڕێکخراوە دەکات لە ساڵی ٢٠٠٤ کە تایبەتی کرد بە' گەشەسەندنی میدیا و پاراستنی ئاشتی و هاوکاریە مرۆیەکان' کە کۆی باسەکانی کە نزیکی ٥٠ ڕۆژنامەنوسی جیهانی کۆکردبویەوە لەسەر ئەوەبوو چۆن میدیا لە نێوان ئەم چەمکانەدا ئیش بکات. ئەو وڵاتانای بە قۆناغی گواستنەوەدا دەڕۆن یان سەربەخۆیی وەردەگرن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان گرنگیان پێ دەدەن بۆ پاراستنی ئاسایش لەبەردەم میدیادا .

Hussain,N. دەڵێت "لە پێشدا رۆڵی میدیا بریتی بوو لە گەیاندنی زانیاری و مەعریفە کۆمینیکەیشنی نێوان خەڵک و حکومەت بەڵام لە ئێستدا ئەو رۆڵە گۆرانکاری بەسەردا هات و فراوان بوو ،لە ئێستا سیاسیەکان ئەکتەری



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ناو ژینگە و بابەتە میدیایەکان و ئەوان وێنای گوتارو سەردێڕی هەواڵەکان دەکەن " زیاتریش باسی ڕۆڵی سیاسیەکان دەکات لە ناو میدیادا و دەڵێت"میدیا وێنای گوتارەکانی خەڵک و سیاسیەکان دەکات لەکاتی قەیران و گرژیەکانیشدا سیاسیەکان بریاردەرن و ڕاکانیان زەق دەکرێتەوە لەلایەن میدیاوە کە لەکاتێکدا هەریەک لەو سیاسیانەش ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەرهەم هێنەری ململانێ و توندوتیژیەکانن، بۆیە گوتارە توندەکانی ئەوان وێنا دەکرێت لەناو میدیادا"(٢٠٠٨،ل.٢) وە دەڵێت " میدیا هەرگیز سەربەخۆ نەبوە ،یان لەژێر دەستی سیاسیەکان بوە یان ئابوریەکان واتە بوەتە پیشەسازی پارە پەیداکەر'moneymaking industry'

Hussain,N " دەڵێت میدیا لەساڵی ١٩٨٠ بوتە ئەکتەرێکی گونجاوی ناو سیاسەت نەک تەنها لەسەر ئاستی ناوخۆیی بەڵکو بەهۆی گلۆباڵیزەیشنەوە وێنای سیاسەتی نێودەوڵەتیش دەکات "(٢٠٠٨،ل.٦)

Philo دەڵێت"تەلەفزیۆن سەرچاوەی هەواڵی لە٨٠٪ خەڵکی فەلەستین و ئیسرائیلە،بۆ ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین،بەڵام ئەوەی پیشانی دەدرێت و دەیبیسێت هێندەی ئەوەی ڕق دروست بۆیان ئەوەندە نەیتوانیوەدیبەیتێکی جەماوەری دروست کات بۆ لێک تێگەیشتن کە هۆکارو ئاسەوار ئەو ململانێ چیە(٢٠٠٤،ل.٢).

Philo دەڵێت"هەڵبژاردنی وشە لەکاتی نوسینی هەواڵ و بابەتە میدیایەکان و ئەو دەربڕینانە ڕۆڵی خۆی هەیە،نموونە دێنێتەوە و دەڵێت جیاوازی هەیە لە نێوان'مات' و 'توفی' وە لەنێوان قُتل واستُشهد'دەڵێت زۆر وشە لەکاتی ئاسایی بوترێت جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لەکاتی جەنگ و ململانێ بوتریت.(٢٠٠٤) باسی ئەو وشانە دەکات کە لەلایەن میدیای فەلەستینی وئیسرائیل بەکاردێت نمونەی وەک الأراضي المتنازع عليها" "الأراضي المحتلة." "السياج الأمني" و"جدار الفصل العنصري"،کە ئەم وشانە وەک پەرچە کردار و تۆڵەکردنەوە بەکاردێن.(٢٠٠٤) .

ڕێکخرای دادپەروەری و وردبینی ئەمریکی ڕاپۆرتێک ئامادەدەکات لەسەر ئەو زمانەی کەبەکاردێت بۆ جەنگی ئیسرائیل وفەلەستنی لەلایەن میدیاکانی فەلەستین و ئیسرائیل خۆیان و ئەو میدیایانەی پشتیوانی هەریەکە لەمانەیە ،باسی ئەوە دەکات ئەو وشانەی کەبەکاردین چۆن هۆکارە بۆ بەردەوامی گرژیەکەو لەسەر کۆمەڵێک وشە ئیش دەکات لەوانە:

١-وشەی تۆڵەکردنەوە دەڵێت لە ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٧ لەلایەن سێ تۆڕی هەواڵی 'ئێن بی سی ،ای بی سی و سی بی سی '٧٩٪ وشەی تۆڵەکردنەوە بۆ هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر فەلەستینیەکان بەکارهاتوە لە ٩٪ ئەو وشەیە لە راپۆرتە هەواڵەکانی ئەو سێ تۆڕە هەواڵیەوە بەکارهاتوە بۆ هێرشی فەلەستینیەکان بۆسەر ئیسرائیل.

بی بی سی ،ڕاپۆرتێکی ئامادەکردوە لەسەر ئەو وشانەی ڕۆژنامەنوسە فەلەستنی و ئیسرائیلیکان بەکاری دێنن دژی یەک تر و دەڵێت وشەکانی "الوحشية" و"القتل الوحشي" و"القتل الجماعي"، "القتل الوحشي بدم بارد" و"الإعدام" ثم "الذبح" ئەو وشانەن بۆ وەسفی مردنی ئیسرائیلیەکان ڕۆژنامەنوسە فەلەستینیەکان بەکاری دێنن لەکاتیکدا بۆ



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

مردووی فەلەستینیەکان ئەمە بەکارناهینن، لەلایەکی تریشەوە باسی ئەو وشانە دەکات کە ڕۆژنامەکانی ئەمریکی و ئیسرائیل بەکاری دینن وەک وشەی' إرهابي،( Philo,٢٠٠٤ ).

ڕواندا یەکێکی ترە لەووڵاتانەی کە ڕووبەڕووی قەیران و دابەش بوون بوەتەوە کە لەساڵی ١٩٩٤ گەورەترین جینۆسایدی کرا تەنها لەو ساڵەدا پرۆسەی جینۆساید ١٠٠ ڕۆژی خایاند زیاتر لە ملیۆنێک کەس کوژرا , لەهەمان کاتدا ڕواندا پێک هاتبو لە ٢٠ خێڵ کە ناسنامەی دانیشتوانەکەیان پێک هێنابوو وە دانیشتوانەکەی پێک هاتبوون لە ٣ گروپ، دەڵیت حکومەت و خەڵک پشتیان بە دوو سەرچاوە بەستوە بۆ زانیاری ئەوانیش ڕادیۆ تەلەفزیۆن بوون ،زمان بەشداربوو لەهەوو ئەو پرسەی جیاوازی و دابەش بوون ،تا وڵات گەشتە ئەوەی ' Anti-hate speech laws in Rwanda چونکە تەنها لە میدیاکانەوە وشەی توندو رقاوی دەرنەدەچوو بەڵکو لە زاری سیاسیەکانەوە ،ئەوەش دەگوێزرایەوە ،وەباسی ئەوە دەکات چۆن کینیاو ڕواندا بە یاسا لە دەستوردا زمانی میدیاو وشەی رق ئامێزیان ڕێک خست بۆ ئەوەی وڵات ئارام بێت.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## بەشی سێیەم :لایەنی مەیدانی

### ١-٣:خستە ڕووی ئەنجام و تاوتوێ کردنیان:

هێڵکاری ژمارە (١)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام و ڕێژە سەدیەکان بە پێی ڕەگەز





ئەم هێڵکاریە ڕیژەی ڕەگەزەکان دەردەخات کە ڕەگەزی نێر ڕیژەی زۆرینەیە و ئەوە ش بەهۆی ئەوەی تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان ژن لە پۆستی بەڕێوەبردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر کەمە،چونکە مشتەی تویژینەوەکە بەتەنها بەڕێوەبەری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەرگرتوە .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری ژماره (٢)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەکان بە پێی تەمەن**





لەڕووی تەمەنەوە ٤ ئاستی تەمەنی لەخۆگرتوە بەرتوێژانی توێژینەوەکە بەڵام ڕێژەی زۆرینەیان تەمەنی ٣٠-٤٠ کەتەمەنێکی کامڵە بۆ گرتنە دەستی بەڕێوەبردنی دەزگا .



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020**

**هێڵكاری ژماره (٣)دابەش كردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەكان بە پێی ئاستی خوێندەواری**





بە پیی ئەم هیڵكاریە بەرتوێژان ٣ ئاستی خوێندەواریان هەیە كە هەڵگری بڕوانامەی دواناوەندی و بەكالۆریۆس و ماستەرن. ئەمە ش نیشانەیكی باشە كە بەڕێوەبەران زۆرینەیان هەڵگری بڕوانامەیكی باشن كە بەكالۆریۆس و دواتر ماستەرە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵكاری ژماره (٥)دابەش كردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەكان بە پێی جۆری دەزگا**





ئەوەی باشە بە گشتگیری توێژینەوەكە كە بەرتویژان لەدەزگا جۆراوجۆرەكانی ڕاگەیاندن بەشداربوون لە وەڵامەكانی تویژینەوەكە بە میدیای نەریتی كە رۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆن لەگەڵ میدیای نوێ كە ماڵپەری ئەلەكترۆنی پەیجە ئەلەكترۆنیەكانن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری ژمارە (٦)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەکان بە پێی بڕوانامە لەبواری ڕۆژنامەگەریدا**





بە پێی ئەم هێڵکاریە بڕوانامەی بەرتوێژان کە بەڕێوەبەری دەزگاکانن بە ئاستێکی بەرز لەهەر سێ بڕوانامەی ماستەرو بەکالۆریۆس و دبلۆمیان تیدایە کەئەم گرنگە بۆ ئاستی هۆشیارو پرۆفیشناڵ کارکردنیان .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری ژمارە (٧)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەکان بە پێی بەشداری خولی ڕۆژنامەگەری**





سەرباری بوونی بڕوانامەی بەرز لەلایەن زۆرینەی بەرتویژانی تویژینەوەکە لەبواری رۆژنامەگەری ئەم هێڵکاریە پێمان دەڵیت کە بەرێژەی ٪٩٩,٩ بەشداری خولی ڕاگەیاندنیان کردوە کەئەمەش زیادەیەکی ترە بۆ ئاستی پرۆفیشناڵی کارکردنیان .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵكاری ژماره (٨)دابەش كردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەكان بە پێی جۆری كارەكەی لەناو دەزگا**





لەبەر ئەوەی ئامانجی تویژینەوەكە بەڕێوەبەری دەزگكانی بە مشتەی تویژینەوەكە وەرگرتبوو چونكە ئەوان خاوەنی بریاری یەكەمن لە دانانی سیاسەت و ستراتیژی دەزگا ڕاگەیاندنەكان ،بەرێژەی ٪٩٩,٩ بەڕێوەبەرن چەند حاڵەتێكی كەم نەبێت كە دیارە بەڕێوەبەرە كە نەیویستوە وەڵام بداتەوە و ئاراستەی كەسێكی تری كردوە لە دەزگاكە ،بەڵام ئەو ڕێژە بەرزەی لە بەڕێوەبەران دەستمان كەوتەوە بایەخی بە تویژینەوەكە داوە كە ئامانجی بەریوەبەران بوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵكاری ژمارە (٩)دابەش كردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەكان بە پێی ئەزموونی كاركردنی**





ئەزموون گرنگی خۆی هەیە لەكاری ڕۆژنامەگەریدا ،ئەم هێڵكاریە پێمان دەڵێت كە زۆرینەی بەرتویژان سەرباری بوونی بڕوانامە لە بواری ڕۆژنامەگەری كە لە داتاكانی سەرەوەدا خستمانە ڕوو، ئەزموونی كاركردنیان لەسەروویی ٥ ساڵەوەیە تا ئاستەكانی زیاتریش كە ٢٥ ساڵ هاتوە،ئەمەش بایەخی دەبێت بۆ وەڵامەكانی تویژینەوەكەی ئیمە كە ئەو بەرێوەبەرە بە ئەزموونەوە وەڵامی داوەتەوە .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری ژمارە (١٠)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەکان بە پێی خاوەنداریەتی کەناڵ**





خاوەنداریەتی کەناڵ رۆڵی هەیە لەدیاریکردنی سیاسەت و ستراتیژەکەی،وەبەتایبەتیش لە دروست کردنی ئاشتی و پێکەوەژیان بەڵام دەبینین لەم هێڵکاریە کە بەرزترین ئاستی خاوەنداریەتی دەزگا ڕاگەیاندنەکان حیزبین و بەدوای ئەودا کەرتی تایبەت ،کە ئەمە بە خاڵێکی گرنگن نیە بۆ بوونی ستراتیژی دروست کردنی ئاشتی چونکە هەریەکە لەوحیزبانە کە خاوەنداریەتی ئەو کەناڵەیان گرتوەتە ئەستۆ زۆرجار خۆیان بەشێکن لەدروست کردنی گرژیەکان و ڕاگەیاندنەکانیان بەحوکمی زمانحاڵی حیزبەکەیان دەبنە بەشێک لە ململانیکەو ئومێدی دروست کردنی ئاشتی و پێکەوەژیانیان نیە،جگە لەوەی کە هێشتا بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە ڕوی ئابوریەوە لەو ئاستەدا نیە کە پشتگیری سەربەخۆیی ئابوری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کەرتی تایبەت بکات زۆریان باکگراوندی حیزب یان کەسی سیاسیان هەیەو ناتوانن سەربەخۆ بن و نەچنە ناو ململانێ.



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020**

**هێڵکاری ژمارە (١١)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەکان بە پێی بوونی ستراتیژ**





لەوەڵامی پرسیاری ئایا سترتیژێکی دیاری کراو هەیە بۆ بوونی ستراتیژێکی دیاری کراو بە زمان، زۆرینەی بەرتویژان بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە هەرچەندە نەخێریش پلەی دوەم و نزیکی نیوەی وەڵام بەڵێکانە ،کە ئاماژەی نەبوونی هیچ ستراتیژێک دەکات لە لائیحەی کارکردن بۆ زمان ،و تاڕادەیەکیش پلەی سێیەمی هێناوە .




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری ژماره (١٢)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەکان بە پێی بنەمای ستراتیژ**






DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020





لەبەر زۆری گۆڕاوەکانی ئەم پرسیارە بە دوو هێڵکاری وەڵامەکان شوێنی بویەوە،کە بەرتویژانی مەبەستی بوونی ستراتیژیان بۆ زمان لەدەزگاکەیان بۆ پرسەکانی نەتەوەی، ئاشتی کۆمەڵایەتی و فرەیی و،پێکەوەژیان و هەموو بەهاکانی تر ئاماژە پێکردوە ئەمە ئەگەر پێچەوانە نەوەستیتەوە لەگەڵ وەڵامی پرسیارەکانی دواتر ئاماژەیەکی باشە،بەڵام دواندنی بەرێوەبەرێکی دەزگایەک ناکرێت نکولی بکات لەنەبوونی مەبەستی هەریەکە لەم بەهایانە بەڵام وەک وتمان وەڵامەکانی دواتر پیمان دەڵین متمانەی ئەم وەڵامانە.

**هێڵکاری ژمارە (۱۳)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەکان بە پێی لایەنی دیاری کەری ستراتیژ**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

پ١٢-ئەگەر ستراتیژ هەیە و وەڵامی پرسیاری ١٠ بە بەڵێ یە کام لەمانە دیاری ئەو ستراتیژە دەکات؟
زیارتر لە بژاردەیەک دەتوانیت





وەڵامی ئەم پرسیارە پێمان دەڵێت کە ئەو ستراتیژەی بۆ زمان لەناو لائیحەی کارکردنی دەزگا ڕاگەیاندنەکان کە بەرتوێژان زۆرینەیان بە بەڵی وەڵامیان دابویەوە لەپرسیارەکانی سەرەوەدا مەرجەعیەتیکی دیاری کراوی نیە. چ لەسەر ئاستی نیشتمان چ لەسەر ئاستی دەزگاکە خۆی ، کە دەبینین لە لایەن خودی دەزگاکە، ویستی ڕۆژنامەنوس، بەڵین نامەی شەرەفی ڕۆژنامەنوسی ،ئیتیک و یاسا وە ئاماژەی پێکراوە ،بەتایبەتی لەلایەن خودی ڕۆژنامەنوس پلەی دوەمی هێناوە کە جێگای پرسیارە چۆن هەررۆژنامەنوسێک خۆی سیاسەتو ستراتیژی هەبێت بۆ زمان ،ئەمە نیشانەی پەرتەوازەیی بونی بنەماو مەرجەعیەتی ئەو ستراتییژەیە کە بەرتویژان لە پرسیارەکانی سەرەوەدا بە بەڵی ئاماژەیان پێکرد.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

**هێڵكاری ژماره (١٤)دابەش كردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەكان بە پێی بونی فلتەر**





بوونی فلتەر گرنگە لەكاتێكدا تۆ ستراتیژێكی ڕوونت هەبێت بۆ زمانی دەزگاكەت ،ئەگینا بە بێ فلتەر جۆن پێوانەو چاودێری جێ بە جێ كردنی ئەو ستراتیژە دەكەیت كە پەیڕەوبكرێت،لەگەڵ ئەوەی وەک وتمان زۆرینەی بەرتویژان بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە لەپرسیارەكانی پێشوودا بۆ بوونی ستراتیژ كەچی زۆرینەیان ئاماژەیان بۆ نەبوونی فلتەر كردوە وڕێژەی دووەمیش بەڵێیە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری ژمارە (١٥)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەکان بە پێی لایەنی هەستاو بە فلتەرکردنی بەرهەمەکان بۆ جێبەجێ کردنی ستراتیژی تایبەت بە زمان**




بۆبوونی سانسۆرو فلتەر کردنی بەرهەمە میدیایەکان کە بڵاو دەکرێنەوە لەدەزگاکان پرسیارمان ئاراستەی بەرتویژان کردوە کەئەگەر ستراتیژی هەیە و فلتەر هەیە بۆ زمان کێ پێی هەڵدەستیت ،زۆرینە ئاماژەیان بە پسپۆری زمانەوانی کردوە بەڵام لەوەڵامی پرسیاری بوونی بەشێکی دیاری کراو بەزمان لە دەزگاکە زۆر کەم ئاماژەی بەبوونی کردوە ،لەلایەکی ترەوە پلەی دوەم دەڵین هیچ کام لەم کەسانە نین لەدەزگاکە کە بەرپرس بن بەرامبەر هەڵسەنگاندنی زمان و ڕاویژکاری زمانەوانیش ئاستی سێیەمە،ئەمەش دیسانەوە پەرتەوازەیی بوونی هەڵسەنگینەرو فلتەری ستراتیژی زمانی دەزگاکان دەخاتە ڕوو.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری ژمارە (١٦)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەکان بە پێی بووی گۆرانکاری لەزمانی ڕاگەیاندنەکەی لەکاتی گرژی و ململانی لە وڵاتدا**





توێژەر مەبەستی بوو بزانێت ئایا لەکاتی بوونی گرژی یان ململانی لە وڵاتدا گۆرانکاری بەسەر زمانی دەزگاکانی بەرتوێژاندا دێت  تاکو دواتر لە ئاراستەی ئەو گۆڕانکاریە تێبگات زۆرینەی بەرتوێژان کە ڕێژەی ٧٢,٣٪ بە بەڵێ وەڵامیان  داوەتەوە و لەکاتێکدا نەخێر پلەی دوەمە کە ڕێژەی ٢٧,٧٪ بوە کە ئەمە وەڵامی پرسیارەکانی دواتر ئەرێنی و نەرێنی ئەم گۆڕانکاریەمان بۆ دەردەخات.



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020**

**هێڵكاری ژمارە (١٧)دابەش كردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەكان بە پێی ئەو شێوازانەی زمان بەكارهاتوە لەكاتی ململانێدا**

پ١٦-كام لەم شیوازانە بەكارهاتوە لەكاتی بوونی ململانی؟دەتوانیت لە دانەیەک زیاتر هەڵبژیریت




پ١٦-كام لەم شیوازانە بەكارهاتوە لەكاتی بوونی ململانی؟دەتوانیت لە دانەیەک زیاتر هەڵبژیریت










DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

پ١٦-کام لەم شیوازانە بەکارهاتوە لەکاتی بوونی ململانی؟دەتوانیت لە دانەیەک زیاتر هەڵبژێریت





پ١٦-کام لەم شیوازانە بەکارهاتوە لەکاتی بوونی ململانی؟دەتوانیت لە دانەیەک زیاتر هەڵبژێریت






DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

پ١٦-كام لەم شێوازانە بەكارهاتوە لەكاتی بوونی ململانی؟دەتوانیت لە دانەیەک زیاتر هەڵبژێریت




لەم هێڵكاریانە كە بەهۆی زۆری گۆڕاوەكانی پرسیارەكە لە ٥ هێڵكاریدا شوێنی بوەتەوە توێژەر هەموو ئەو ئاماژانەی كرد بە پرسیار كە نەرێنین بە نسبەت دروست كردنی ئاشتی و پێكەوەژیان و لەكاتێكدا بەرتوێژانی لەپرسیارەكانی سەرەوەدا بە بەڵی بوونی ستراتیژی زمان بۆ دروست كردنی ئاشتی و پێكەوەژیان وەلامیان دایەوە زۆرینەیان، كەچی لەوەلامی هەریەكە لەم گۆڕاوانە كە هۆكارن بۆ دروست كردنی دووری و دابڕان و لێک ترازان نەک پێكەوەژیان هەموویان ڕێژەیان هێناوە ، زۆرینەیان كە تۆمەت بەخشینەوە وبچوک كردنەوەی لایەنی بەرامبەرو شێواندنی وێنەكان لەئاستی بەرزدان ،گەرچی دەست كەوتنی ڕێژەی وەلام بۆ هەموو ئەم ئاماژانە كە میدیاكان لەكاتی گرژی و ململانێكاندا بەكاری دێنن مەترسین و ئەوەمان پێ دەڵێن كە میدیا هۆكارە بۆ لێک دوركەوتنەوە لایەنكانی ململانێ دورخستنەوە و لێک ترازان نەک ئاشتی و پیكەوەژیان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری ژمارە (١٨)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەکان بە پێی ئەزموونی نەرمی نواندن و لە زمانی ڕاگەیاندن و کاریگەریەکانی لەسەر خستنە ناو کۆمەڵگا نەرمی**




تویژەر سەرباری ئاماژەکردنی بەو ئاماژانەی کەئەگەر بەکاربێن لە زمانی ڕاگەیاندن دەبنە مەترسی بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان مەبەستیشی بوو ئەزموونی بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بزانێت لەمەڕ کاریگەری بوونی نەرمی زمانی ڕاگەیاندن کە زۆرینەیان بە ریژەی ٩٩،٩٪ ئاماژەیان بەوەکردوە ئەزمونیان هەبوە لەوەی نەرمیان بەکارهینابێت نەرمی کەوتوەتە ناوکۆمەڵگا.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری ژمارە (١٩)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەکان بە پێی ئەزموونی توندی نواندن لە زمانی ڕاگەیاندن و کاریگەریەکانی لەسەرتوندی خستنە ناو کۆمەڵگا**





ئەم هێڵکاریە جیاواز لە ریژەی پرسیاری پێشوومان دەداتێ کە لەبەکارهێنانی نەرمی ڕێژەی زۆرینە بەبەڵێ بو بەڵام بۆ توندی بەکارهێنانی زمانی راگەیاندن نیوە بە نیوەیە ،ئەمەش جۆرێک لەخاتر گرتنی بەرێوەبەرانە بۆ دەزگاکەیان کە نایانەوێت ئاماژە زۆربەوە بکەن کە هەرگیز توندیان لەزمانیان بەکارهێناوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری ژمارە (٢٠)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەکان بە پێی ڕوبەڕوونەوەی بەڕێوەبران یان دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە سکاڵا بەهۆی زمانەی ڕاگەیاندنەکەیان**





تویژەر مەبەستیەتی لەدیدگای جیاوازەوە سەیری توندی زمانی ڕاگەیاندن بکات بۆ دروست کردنی ئەندێشە نەک تەنها بۆ کۆمەڵگە بەڵکو بۆ خوودی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ش خۆیان بۆیە لەم پرسیارەی ئایا هەرگیز ڕووبەڕووی سکاڵابویتەتەوە بەهۆی زمانی ڕاگەیاندنەکەت؟ زۆرینە کە ڕیژەی ٪٧٢,٧ دەڵین بەڵی ،کە ئەمە پێمان دەڵێت کە پەرتەوازەیی ستارتیژو سیاسەتی بەکارهێنانی زمانی گونجاو لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن تەنها ئاسەوارەکانی لەسەر کۆمەڵگە نیە بەڵکو بۆ خودی دەزگاکانی ڕاگەیاندن خۆشیانە .



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020**

**هێڵکاری ژماره (٢١)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەکان بە پێی ئەو لایەنەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕووبەڕوی سکاڵا بونەتەوەبەهۆی زمانی راگەیاندنەکەیان**




دەبینین لەم هێلکاریە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕووبەڕووی سکاڵابونەتەوە لەلایەن دامو دەزگاکانی وڵات ،حکومەت ،کەس، کەئەمانە دیارە بەرکەوتە بوون بە ناوزراندن یان هەر توندوتیژیەکی تربێت بە هۆی زمای ڕاگەیاندنەکانی بەرتویژان و زیانیان پیگەیشتوەو پەنایان بۆ دادگا بردوە بۆ قەرەبوو کردنەوە بۆیان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**هێڵکاری ژمارە (٢١)دابەش کردنی ڕێژەی وەڵام وڕێژەی سەدیەکان بە پێی پێویستی بوونی سیاسەتیکی نەتەوەیی نیشتمانی بۆ زمانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی وڵات**




تویژەر مەبەستی بوو ئایا پێوییستی بوونی سیاسەت وستراتیژیکی زمانی نەتەوەیی لەسەر ئاستی نیشتمان هەیە بۆ ڕێکخستنی زمانی میدییاکان بەئاراستەی ئاشتی و پێکەوەژاین زۆرینەیان بە ڕێژەی ٪٨٦,٤ بە پێویست وگرنگیان زانی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## دەرەنجامەکان:

١-بوونی ستراتیژێکی ڕوون بۆ زمان و بەکارهێنانی بۆ دروست کردنی ئاشتی و پێکەوەژیان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک نەبوو لە لائیحەی کارکردنی دەگزاکانی ڕاگەیاندنی مشتەی توێژینەوەکە.

٢-زۆرینەی خاوەنداریەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن حیزبی بوون کە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر زمانی ڕاگەیاندنەکان و بەشداری ڕاگەیاندنەکان لە ململانیکان و زمان زبری.

٣-بوونی فلتەر بۆ پەیڕەوکردنی ستراتیژو سیاسەتی زمانی ڕاگەیاندن لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان بەشێوەیەکی ڕیکخراو و وەک بەشێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر بەکەمی هەبووو.

٤-زمانی ڕاگەیاندن هێندەی بۆ لێک دورخستنەوەو ئیدارەی ململانێ و وئەوئاماژانە بەکارهتوە کە مەترسین بۆ ئاشتی و پیکەوەژیان هێندە بۆ پێچەوانەکەی بەکار نەهاتوە

٥-زۆرینەی بەرتوێژان بوونی سیاسەتێکی نیشتمانی بۆ زمانی ڕاگەیاندن بە پێویست و گرنگ دەزانن .

٦-زمانی راگەیاندن نەک تەنها بۆ کۆمەڵگە بوەتە مەترسی بۆ ئاشتی پیکەوەژیان بەڵکو کاریگەریشی هەبوە لەسەر خوودی دەزگاو بەڕێوەبەران کە ڕووبەڕووی سکاڵا لەلایەنی جۆراوجۆر بونەتەوە.

## پێشنیار و ڕاسپاردە

١-بوونی سیاسەتێکی نیشتمانی نەتەوەیی بۆ زمانی ڕاگەیاندن کە ئامانج لێی خزمەت کردن بێت بە ئاشتی و پێکەوەژیان.

٢-دەزگاکانی ڕاگەیاندن پابەندبکرێت بە بوونی ستراتیژێکی زمانی بۆ کەم کردنەوەی گرژی وململانیکان

٣-دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشێک یان هۆبەیەکیان هەبێت کە فلتەربێت بۆ زمانی ڕاگەیاندنەکە بۆ خزمەتی ئاشتی وپیکەوەژیان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# The role of media language in creating coexistence in conflict society

**Nazakat Hussein Hama saeed**

Media department, College of Humanities, University of Sulaimani , Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

E-mail: nazakat.hamasaeed@univsul.edu.iq

**Abstract :**

Language in most societies is a key role in creating coexistence, peace, social and security. However, this can only happen when the language is taken as an important part of the constitution and the law of that country, which have to be constituted as a way of beginning for coexistence. Furthermore, at the same time the education system and the media have also to be put to serve and create a suitable language for coexistence. The opposite is also true, where language is an identity; it is a way of dialogue, word or a term that are used. It is misunderstanding between some people in some societies that language has become a source for the mayhem, conflicts, economic crisis and the disruption of national and social security especially in those countries and societies that are passing through the transition stages. Which is also multinational, multilingual, multi faith, multi ethnic? In addition to this they also have a historical background in conflicts and war. The Kurdistan region is a newly developing region that has a diverse population and has had a historical past in continuous conflicts and war between the internal political parties. As well as this the presence of a political media system in the country has been a part of the conflicts in which has made the media language a huge reason for the distancing of the parties and the further deepening of the conflicts. That is why this research investigates the importance and role of the media language of its responsibility of creating coexists, the Kurdish channel in the Kurdistan region taken it as an example ,by using a survey method.

**Key words:** Role, language, coexistence, conflict

## سەرچاوەکان:

Adejimola, A. S. (2009). *Language and communication in conflict resolution*: Journal of Law and Conflict Resolution, 1(1), 001-009. University, Akungba-Akoko, Nigeria. University, Akungba-Akoko, Nigeria.

ACHIENG, O. (2014). *Reaserch Project Submitted In Partial Fulfillment Of The Requirements For Aaward Of The Degree Of Master Of Arts In International Studies At The University Of Nairobi*. REG No:-R50/74304/2014.

Crystal D. (1987). The Cambridge Encyclopedia of Linguistics. New York:, Oxford University Press.

Democratic Progress Institute.(2014). *The Role of Language, Identity and the Media in Conflict Resolution.*

Elworthy, S. (2012). *Fighting with nonviolence*. Retrieved from.

https://www.ted.com/talks/scilla_elworthy_fighting_with_non_violence?language=en.

Hussain,N. (2008). *The Role of Media in National Security:* A Case Study of 1998 Nuclear Explosions by Pakistan Copyright © South Asian Strategic Stability Institute Ltd, 2008.

Fairclough, N. (2001). *Language and Power* (2 edition). Harlow, Eng. ; New York: Routledge6

Liddicoat، Anthony J.(2015). *Language planning and questions of national security: An overview of planning approaches*, Research Centre for Languages and Cultures Education, School of International Studies, University of South Australia.

Moulton, S.(2004. *Language by Classification* , By April McMahon, Robert McMahon

Pagel, M. (n.d.). (2011).*How language transformed humanity*. Retrieved from http://www.ted.com/talks/mark_pagel_how_language_transformed_humanity

Philo,G.(2004). *The media & the Israeli-Palestinian conflict*, Guardian, 14 July The Role of Media in National Security: A Case Study of 1998.

Puddephatt, A.(2006).*conflict and the role of media* , International Media Support report .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

Riaz, S(2017).*ROLE OF MEDIA IN PROMOTING PEACE AND HARMONY*, Department of Mass Communication, Allama Iqbal Open University, Islamabad.

Sapir,*E.* (1963). *Language – An Introduction to the Study of Speech*. New York: W.W. Norton and Company.

Shannon C, Weaver W. (1977). *The Mathematical Theory of Communication in The Process and Effects of Mass Communication*,
*Communication in The Process and Effects of Mass Communication*, Illinois Press.

Siddiq, M. R(2016). *"Peace, Conflict, and Language: Coping with Linguistic Intolerance and Violence"* MA TESOL Collection. 715. Nuclear Explosions by Pakistan

Shannon C, Weaver W. (1977). *The Mathematical Theory of Communication in The Process and Effects of Mass Communication*, ed. W. Schram and D. F. Roberts, 412-428. Illinois: University of Illinois Press.

Shipley J. (1970). *Dictionary of World Literary Terms*. London: George, Allen and Unwin. The Longman Dictionary of Contemporary English(1995). London: Longman Publishers.

Timothy،A،E، (2016)،*Language and communication conflict in Nigeria: Implications for communicative language pedagogy*, University of Calabar

John Paul Lederach(2003). *Summary of "Of Nets, Nails, and Problems: The Folk Language of Conflict Resolution in a Central American Setting*" by: Mariya Yevsyukova, Conflict Research Consortium.